**پ/هۆی ئەمانەی خوارەوە لێکبدەرەوە :**

**1- شکستی ئەڵمانەکان لە جەنگی (مارن) لە ساڵی 1914 دا.**

**2- لەماوەی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا، ئیتالیا پشتگیری لە ژەنەراڵ فرانکۆ کرد.**

**3- ساردبوونەوەی سۆڤێیەت لە پیادەکردنی سیاسەتی بەکۆمۆنیزمکردن لەوەتەی ساڵی 1921ەوە.**

**پ/ شەش لەگرنگترین ئەو بوارانە بژمێرە کەوا کۆمەڵەی گەلان تیایاندا سەرکەوتوو نەبوو.**

پ/چی لەبارەی ئەم مێژووانەی خوارەوە دەزانی؟ بەوردی بینووسە:

1- 23ی ئابی 1939

2- 29ی تشرینی یەکەمی 1914

3- 30ی کانونی دووەمی1933

4- 28ی حوزەیرانی 1919

پ/دەگوترێ **" لە سییەکانی سەدەی بیستدا، حکومەتی سۆڤیەتی سەرکەوتنی بەرچاوی لەبواری دیپلۆماسییەتی نێودەوڵەتی بەدەست هێناوە"** سەبارەت بەم پرسە گرنگترین بوارەکانی سەرکەوتنی دیپلۆماسییەتی سۆڤێیەتی بخەڕوو.

**پ/هەڵوێستی هەریەك لەم وڵاتانەی خوارەوە بەجیا، لە کەیسی تیرۆرکردنی وەلی عەهدی نەمساوی (فرانسیس فردیناند) و پێشهاتەکانی دوای ئەم ڕووداوە بەوردی دیاری دیاری بکە: (نەمسا، سڕبیا، رووسیا، ئەڵمانیا، بەریتانیا).**

**پ/ هەلومەرجی ئابووری ئیتالیای دوای جەنگی یەکەمی جیهان لە کورتە باسێکدا بخەڕوو.**

**پ/ پاڵنەری ژیاریی(الحچاری) چ رۆڵێکی هەبوو لەوەی ئەمەریکا خۆبداتە پاڵ وڵاتانی هاوپەیمانەوە لە جەنگی یەکەمی جیهانییدا. ئەمە ڕوون بکەوە؟**

**پ/سێ لە دیاردەکانی نیوان هەردوو جەنگی جیهانی بە خاڵ بژمێرە.**

**پ/ گرنگترین ئەنجامەکانی قۆناغی یەکەمی شۆڕش لە ڕووسیا چی بوون؟ بیاننووسە.**

پ/ گرنگترین تایبەتمەندییە لێکچووەکانی نیوان هەردوو سیستمی (نازی) لە ئەڵمانیا و (فاشی) لە ئیتالیا چی بوون؟ بەنموونەوە بیانخە ڕوو.

پ/ هۆکارە ناڕاستەوخۆکانی قەیرانی ئابووری جیهان1929-1933 بژمێرە.

پ/ گرنگترین رواڵەتەکانی جەنگی سارد بژمێرە و باسی یەکێکیان بکە.

پ/هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جەنگی سارد کامانەن؟ بەوردی راڤەیان بکە.

پ/ تاوتوێی بارودۆخی رووسیای بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر 1917 بکە، بە هێنانەوەی نموونە وەڵامەکەت دەوڵەمەند بکە.

پ/ململانێ لەسەر داگیرگەکان چ رۆڵێکی هەبوو لی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان، ئەم بابەتە تاوتوێ بکە.

پ/ گرنگترین ئەنجامە سیاسییەکانی جەنگی یەکەمی جیهان بژمێرە.

پ/بەکورتی لەبارەی ئەنجامە ئابوورییەکانی جەنگی دووەمی جیهان بدوێ.

پ/بەراوردی نێوان گرنگرترین رووەکانی سیاسەتی ناوەخۆی نازییەکان لە ئەڵمانیاو فاشییەکان لە ئیتالیا بکە.

پ/ئەو رەخنانە کامانەن کەوا لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس گیراون، بیانخە روو.

پ/گرنگرین بوارەکانی سەرکەوتنی کۆمەڵەی گەلان بەخاڵ بخەروو.

پ/هاتنە ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ جەنگی جیهانی یەکەم بە دڵی ئەڵمانەکان بوو، ئەم بابەتە شی بکەوە.

پ/داگیرگەکان سوودێکی ئابووری گەورەیان بۆ بەریتانیا هەبوو، ئەم سوودانە کامانەن؟

پ/بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژاپۆن لەنێوان هەردوو جەنگدا1918-1939 بە وردی هەڵسەنگێنە.

پ/لەبارەی گرنگترین پەرەسەندنە سیاسییەکان لە بەریتانیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان بدوێ؟

پ/کێشەی رووکێتەکانی کوبا بناسێنە، پاشان بەوردی هەڵوێستی ئەمریکا و شۆڤیەت لەبارەیەوە راڤە بکە.

پ/ شەڕی دەردەنیل بناسێنە و هۆکارەکانی شکستی بەریتانیا لە گرتنی دەردەنیل بخە روو.

پ/کۆنفرانسی یاڵتا قۆناغێکی گرنگی پرسی سەرکەوتنی هاوپەیمانان بوو لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەکورتی لەبارەیەوە بنووسە.

پ/هۆکارەکانی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا کامانە بوون؟ بیانژمێرە.

پ/هەڵوێستی هەریەك لەم وڵاتانەی خوارەوە لە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا دیاربخە:

1-یەکێتی سۆڤیەت. 2-ئەڵمانیای نازی. 3-فەڕەنسا.

پ/"کۆششکردن بۆ خۆزاڵکردن بەسەر ئەوروپا و بەدەستهێنانی سەروەریی جیهانیی"، گرنگترین ڕووی سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بووە لەماوەی فەرمانڕەوایی نازییەکاندا. لەم بارەوە گرنگترین وێستگەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیای نازیی تاوتوێ بکە.

پ/ مەبەست لە سیاسەتی نوێی ئابووری(نیپ) چییە؟ پاشان هۆکارەکانی پیادەکردنی ئەو سیاسەتە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە چی بوو، بەخاڵ بیاننووسە؟

پ/لەسێ تەوەری جیاوازدا و بەوردی باسی هەلومەرجی (ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی) ئیتاڵیای بەر لە دەرکەوتنی فاشیی بکە.

**پ/ تەنها شەش لەگرنگترین بوارەکانی سەرنەکەوتنی کۆمەڵەی میللەتان بژمێرە.**

**پ/لەپەڕگرافێکدا پلانی ئابوورییانەی یەکێتی سۆڤیەتی سەردەمی ستالین تاوتوێ بکە.**

**پ/لەنێوان ساڵانی 1929–1933دا بزاڤی نازیی لە ئەڵمانیا بووژانەوەی بەخۆوە بینی، ئەمە ڕوون بکەوە.**